بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**ژمــارە : ٥١٧ لـــە ٢٠١١/٤/١٢**

## بەناوی گەلەوە
## بڕیاری ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١١

پـشت بـەحوکمی بڕگـەی (٢) لـەماددەی (٤٤) چـل وچـواری یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق ژمـارە (١)ی سـاڵی ١٩٩٢ی هـەموارکراو ، پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق لەدانیـشتنی رۆژی ٢٠١١/٤/٤ یـدا بڕیـاری ئەمەی خوارەوەیدا :

**یەکەم :**

قەبوولکردنی ئەندامێتیی پالێوراو (کاوە محمد امین حسین) لەپەرلەمانی کوردستان – عێراق ، لەجێگەی ئەندامی دەست لەکارهەڵگرتوو (رزگار محمد امین) لەئەندامێتیی پەرلەمانی کوردستان – عێراقدا .

**دووەم :**

ئەم بڕیارە لەرۆژی دەرچوونیەوە لە ٢٠١١/٤/٤ەوە جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی فەرمیی (وەقـایعی کوردسـتان) دا بڵاودەکرێتەوە .

**محمد قادر عبدالله**
**( د. کەمال کەرکووکی )**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمــارە : ٦٤٤ لــــە ٢٠١١/٥/٨**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیاری ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١١**

پـــشت بـــەحوکمی مـــاددە (٢٦) و بڕگـــەی (٣) لـــەماددەی (٧٦)ی پێـــڕەوی نـــاوخۆی پەرلـــەمانی کوردســـتان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو لەسەر ئەوەی کەلە نووسراوی ئەنجومـەنی دادوەری ژمـارە (٨٥٠) لـە٢٠١١/٤/٢٥دا هاتووە ، پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ژمارە (١٠)ی رۆژی ٢٠١١/٤/٢٧ ئەمەی خوارەوە بڕیار دا :

**یەکەم :**

ڕێگادان بەراوەدوونانی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (پێشەوا تۆفیـق) و وەرگرتنـی ڕێکـاری یاسـایی لـەدژی لەسـەر ئـەو سکاڵایەی کەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەرۆژی ٢٠١١/٤/١٩ کەپێشکەشیان کردووە .

**دووەم :**

ئەم بڕیارە لەرۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە .

**محمد قادر عبدالله**

**( د. کەمال کەرکووکی )**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**ژمـارە : ٦٤٦ لــــە ٢٠١١/٥/٨**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیاری ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١١**

پشت بەحوکمەکانی بڕگەی (١) لەماددەی (٥٦) لەیاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی ١٩٩٢ی هـەموارکراو وبـەپێی ئـەوەش کەلەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٠)ی رۆژی ٢٠١١/٤/٢٧ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بڕیارماندا بە :

**یەکەم :**

رەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای (یاسای قەدەغەکردنی رێکخستنە حزبیـەکان لـەناو ریزەکـانی پێـشمەرگەو هێزەکـانی ئاسایشی گشتیدا) .

**دووەم :**

ئەم بڕیارە لەرۆژی دەرچوونیەوە لە ٢٠١١/٤/٢٧ کاری پێ دەکرێ و لەرۆژنامــەی فـەرمیی (وەقـایعی کوردسـتان) دا بڵاودەکرێتەوە .

**محمد قادر عبدالله**
**( د. کەمال کەرکووکی )**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**
**ژمـارە : ٦٤٧ لـــە ٢٠١١/٥/٨**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیاری ژمارە ( ٩ )ی ساڵی ٢٠١١**

پشت بەحوکمەکانی بڕگەی (١) لەماددەی (٥٦) لەیاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی ١٩٩٢ی هـەموارکراو وبـەپێی ئـەوەش کەلەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (١١)ی رۆژی ٢٠١١/٥/٢ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بڕیارماندا بە :

**یەکەم :**

رەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای (یەکخستنی چەند ووشە و زاراوەیەك لەهەرێمی کوردستان) .

**دووەم :**

ئەم بڕیارە لەرۆژی دەرچوونیەوە لە ٢٠١١/٥/٢ کاری پـێ دەکـرێ و لەرۆژنامــەی فـەرمیی (وەقـایعی کوردسـتان) دا بڵاودەکرێتەوە .

**محمد قادر عبدالله**
**( د. کەمال کەرکووکی )**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ژمـارە : ٦٤٥ لـــە ٢٠١١/٥/٨**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیاری ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١١

پشت بەحوكمی بڕگەی (١) لەماددەی (٥٦)و(٥٣)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو ومـاددەی (١/٧١) لەپێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و ، لەسەر پێشنیاری ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان لەدانیشتنی ئاسـایی ژمـارە (١٢)ی رۆژی ٢٠١١/٥/٣ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

**یەكەم :**

لەبەر ئەوەی ئەندامی پەرلەمان (پێشەوا تۆفیق مغدید) پەنای بردە بەر توندوتیژی وەك رێگایـەكی نـاڕەوا بـۆ ئـەوەی دەستەی سەرۆكایەتی كردەوەی دەنگدان بەپێی ماددەی (٧٠)ی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی سـاڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو رابگرێت ، لەدانیشتنی نائاسایی ژمارە (٩)ی رۆژی ٢٠١١/٤/١٩. بۆیە بڕیار درا بەرێگانەدان بە بەشداری كردنی لەدانیشتنەكانی پەرلەمان و لیژنەكانی لەو ماوەیەی كە ماوە لەخولی گرێـدانی كەلـە ٢٠١١/٣/٢ەوە دەسـتی پێكردووە .

**دووەم :**

ئەم بڕیارە لەرۆژی پەسندكردنییەوە لە ٢٠١١/٥/٣ەوە جێبەجێ دەكرێت و لەرۆژنامـەی فەرمیی (وەقایعی كوردستان) دا بڵاودەكرێتەوە .

**محمد قادر عبدالله**
**( د. كەمال كەركووكی )**
**سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان – عێراق**